# كەليێم وون بووى

★ كاوەى خەسرەوكاوانى ★



كەليێم وون بووى

گوتيان تەنياماوەيەكە

گڕى عيشقت خامۆش دەبێ

هەرەس دێنێ كۆسارى خەم,

نەمدەزانى وجودى من دەسووتێنێ و

لەجێگاى دۆزينەوەى تۆ

منيش بەدواى تۆوون دەبم

لەگەڵ رۆحت دەبمە هاودەم

★ ★ ★

ئێستا لەكوێ ى

لەكام بنارى ئەم خاكە بوويتە درەخت

لەكام رووباربويتە شەپۆل,

لە كوێ ى ئاسمان

خۆت كردووە بە ئەستێرە و

بوويتە ئاوەدانى كام چۆل,

كە هەناسە هەڵدەكێشم و

دەچێتە نێوسى يەكانم

تێكەلاو بەبۆنى تۆيە,

بە ئومێدى گەڕانەوەت

نەك تەنياخوێن

هەموو ژين لە هاتووچۆيە.

★ ★ ★

من دەزانم رۆژێك بەرەو

ئەم هەوارەم هەنگاودەنێ ى

دەگەڕێيتەوە باوەشم ,

من دەزانم بەخۆرى خۆشەويستى خۆت

رايدەماڵى خەمى تاڵى چاوەڕوانى و

رۆژانى تاريك و رەشم.